# دەسەڵاتی خەلافەتی عەباسییەکان وپشتکردن لە بنەماکانی ئایینی ئیسلام

سامان کەریم*

مێـژوو بەهـەموو لـق و بەشـەکانییەوە( رامیـاری، کۆمەڵایـەتی، کـەلتوری، ئـابوری و دینـی و...)، شـیاوە توێژینـەوەی لەسـەربکرێ و بەسـەردەم و ڕۆژگارەکـانی ڕابـردوودا ڕۆبچـیت و لەسـەر هـەموو گۆڕانکـاری و ڕووداو و بەسـەرهاتەکان هەڵوەستە بکەیت و هەمیشە بەچاویلکەی خوێندنەوەیەکی واقیع بینانە و ڕەخنەکارییەوە بڕوانیت..

بەندە، پێشووتر چوومەتەوە ڕۆژگاری حوکمڕانی خەلافەتی ئیسلامی و تاوێك ناموسوڵمانێتی و کەم بـاوەڕی و سیستمی حوکمڕانێتی دەسەڵاتی خەلافەتی ئومـەوییم بـاس کـردوەو ڕەخنـەی خـۆمم لـەو دەسـەڵاتە ئیسلامییە خستووەتە ڕوو. هەرچەندە کەسانێك هەبوونە لەگەڵ بۆچوونەکانمدا نـەگونجاون و ئـەوان هێشـتا چاویان نەکراوەتـەوەو حەقیقەتـەکان لەژێر پەردەی پیرۆزییەوە بەتەماوی دەبینن، بەڵام مـن سـوورم لەسـەر ڕاکـانی خـۆم و بۆیەکـەش لـەم نووسـینەدا هـەوڵ ئەدەم تیشکێك بخەمە سەر دەسەڵاتی ئیسلامی لەسەردەمی حوکمڕانی و فەرمانڕەوایەتی خەلیفەکانی عەباسییدا.

من بێگومانم توێژینەوەو نووسین و ڕەخنەگرتن لەسەردەمی دەسەڵاتێك، کە( 508) ساڵی خایاندبێت و ( 37) خەلیفـە تێیدا حوکمڕانێتیان کردبێت و هەموو سەردەمەکەشیان بەشەڕو ئاژاوەو سـەرهەڵدانی دووبـەرەکی و ئاشـووب و گۆبەنـد تێپەڕی بێت، کارێکی سەختەو بەباسێك و چەند باسێکی ئاوەها، باوەڕناکەم جێی خۆی بگرێت.

دەوڵـەتی عەباسـی، سـێیەمین دەوڵـەتی عـەرەبی ئیسـلامی بـوو، لـەپاش دەسـەڵاتی ڕاشـدی و ئومـەوی، کەلەسـاڵی( 132ك/750ز)بەهەوڵ و کۆششی( ئـەبو موسـلمی خۆراسـانی) دامـەزراو سـاڵی( 656ك/1258ز) لـەدەرەنجامی شاڵاوی مەغۆلەکان ڕووخاو کۆتایی بەم دەسەڵاتە ئیسلامییە هات.

ئەوەی بووە هۆکارو فاکتەری سەرەکی بۆ ڕووخان و لەناوچونی خەلافەتی ئومەوی و هاتنە سەر تەختی عەباسییەکان و چەسپاندنی دەسەڵاتەکەیان، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کەعەباسییەکان شاری( خۆراسـان) یـان کردبـووە مۆڵگەو مەڵبەنـدی خۆیـان و لـەوێ خۆیـان ئامـادە دەکـردو ئـەو هەرێمـەیان هەڵبـژاردبوو بـۆ بڵاوکردنـەوەی بانگـەوازی خۆیـان. لەلایـەکی تریشەوە خاڵێکی تری سەرکەوتنی عەباسییەکان لەوەدا بوو، کە شێوازی نهێنیان لەبانگەوازو بانگەشەیاندا بەکاردەهێناو ئەم نهێنییەشیان ماوەی چارەکە سەدەیەکی خایاند. هەروەها ئەکرێ ئاماژەش بەوە بکەین، کـە خەلافـەتی ئومـەوی لـەو سەردەمەدا بەتەواوی ئاڵۆزی و نائارامی تێکەوتبوو و تووشی لەبەریەك هەڵوەشان هـاتبوو، لەیـەك کاتـدا چـەندین خـاڵی لاوازیو خراپەکارییان تووش هاتبوو، وەك دەمارگیری عەرەبایەتی و خێڵایـەتی و خراپـی سیاسـەتی دارایـی و ڕووکردنـە خۆشییەکانی ژیانی دنیاو زۆرو بۆری ژمارەی نەیاران و بزووتنەوەو شۆڕشە نەیارەکانیان و زۆر فاکتەری دیکەش.

ئەمانە هەموو بەیەکەوە ئەو هۆکارانەیان خولقاند، کەدەسەڵاتی ئومەوییەکان کۆتایی پێبێت و دەسەڵاتێکی تر بـەناوی( عەباسییەکان) بێتە سەرحوکم و جڵەوی دەسەڵاتی ئیسلامی بەدەست بگرن.

هەروەك چۆن خەلیفەکانی ئومەوی دەسەڵاتیان لەبەرژەوەندی خۆیان بەکار دەهێناو بەجۆرێك، کە لـەحوکمی ئیسلامی نەچێت، پشتیان لـەئایین و بنـەماکانی ئیسلام کردبـوو و هـەموو هـەڵس و کـەوت و ڕەفتارێکیـان پێچـەوانەی ئـەحکام و

بنەماکانی بیریئیسلامی بوو. هەمان شێوە، دەسەڵاتی عەباسییەکانیش ئەو ڕێتمەیان گرتە بەرو ئایین و بنەماکانی ئایینیان بەپاشکۆی بەرژەوەندیو کارە دنیاییەکانی خۆیان داناو پشتیان لەحوکمی ئیسلامییانە کرد!.

هەرچەندە عەباسییەکان لەئالوبەیتی پێغەمبەربوون و دەگەڕانەوە سەر( بەنی عەباس)ی مامی پێغەمبەر، بەلاّم( 37) خەلیفەی عەباسی، هەر لەهاتنە سەر دەسەڵاتی یەکەمیانەوە،کە( ئەبو عەباسی سەفاح) بوو تادەگاتە دوایەمینیان،کە( موستەعسەم باللە) بووە، هەموویان بەدوور لەبنەماکانی حوکمی ئیسلام فەرمانڕەواییان کردووەو ناعەدالەتی و ناتەواوی لەدەسەڵاتیاندا ڕەنگی داوەتەوە. خۆ ئەگەر دەسەڵاتێك، خەلیفەیەکی باوەڕدارو خواپەرستیان تیا هەڵکەوتبا نموونەی( عمر بن عبدالعزیز)ی ئومەوی، ئەوا تەمەنی خۆی و دەسەڵاتەکەشی زۆری نەخایاندووە.

چی بلێی لەکاری بەدخوویی، نائیسلامی، شەڕوکوشتارو براکوژی، ئاشووبەو فیتنەو گۆبەند، ڕابواردنی خەلیفەو گوێ نەدان بەڕەعیەت ودوورکەوتنەوە لەبنەماکانی حوکمڕانێتی ئایینی ئیسلام ، کەنیزەك ڕاگرتن و پارەو سامان کۆکردنەوەو خۆدەوڵەمەند کردن و هەموو ئەو کارە بەدفەڕانەو ناشەرعییانە، لەم دەسەڵاتە بەناو ئیسلامییەدا ڕەنگی داوەتەوەو پەیڕەو کراوەو ئەو خەلیفانەی لەسەر حیسابی ئایینی ئیسلام دەسەڵاتیان بەدەست گرتووە، ئەو ڕێگایانەیان هەڵبژاردووە.

سەبارەت بەو دیاردە دزێوانەی سەردەمی عەباسییەکان و خودی خەلیفەکان جێگای ڕەخنەو سەرزەنشتکردنن، بەڕادەیەك ئەو دیاردە دزێوانەی لەمێژووی جیهاندا کەم وێنەبوون.. من بەسەر پێیەکەوە، هێندەی گرنگترینی ئەو دیاردانە بێت لەم نووسینەدا هەوڵی باسکردنیان ئەدەم.

لەسەردەمی خەلافەتی عەباسیدا، خاڵێکی خۆپەرستی و نائیسلامییانە،کە دەکرێت بەدیاردەیەکی دزێو دابنرێت، بریتییە لەشەڕو ئاژاوەو دووبەرەکی و کوشتاری زۆری نێوان خەلیفەکان و یان خەلیفەو موسوڵمانانی تر.

( ابو العباس السفاح)ییەکەم خەلیفە بەخوێنڕشتن و کوشتارێکی زۆر دەسەڵاتی گرتە دەست، نازناوەکەشی( السفاح) کەبەمانای خوێنڕێژ دێت بەڵگەیەکی دیارو ئاشکرایە بۆ ئەوە. ئیدی بەهەموو خەلیفەکاندا، بەڕۆژگارەکانیاندا، بەسەردەمەکانیاندا، بەمێژووی دەسەڵاتیاندا، بەهەڵس وکەوت و ڕەفتاریاندا، گوزەر بکە هەمان ئەو سیناریۆیە دەبینیت. برا، برای لەسەردەسەڵات کوشتووەو ملی پەڕاندووە، کوڕ باوکی کوشتووەو کودەتای بەسەرداکردووە، دایك کوڕی خنکاندووەو لەناوی بردووە، موسوڵمان موسوڵمانی کوشتووەو خوێنی ڕشتووە هەر لەسەر دەسەڵات. ڕاستی و دروستی ئەمانە، ئاماژە بەچەند ڕووداوێك دەکەین لەم بارەیەوە.

ئەبو جەعفەری مەنسور( دووەم خەلیفە) ، کەخەلیفەیەکی هێندە توندڕەوو دەسەڵاتخوازو ستەمکار بوو، خۆی بەسوڵتانی خوا لەسەر زەوی وێناکردووە، بۆیەش مێژووناسان دەوڵەتی عەباسییان لەو سەردەمەدا بەدەوڵەتێکی( تیۆکراتی) ناوبردووە. ئەم خەلیفەیە بۆجێگیرکردنی دەسەلاتی، یەکەم کاری کە پێی هەڵسا کوشتنی مامی خۆی بوو( عبدالله بن علی) کە داوای دەسەڵاتی دەکرد.

هەر سەبارەت بەکوشتاری نێوخۆیی خەلیفەکان، هەراکەی نێوان هەردوو برا( ئەمین و مەئمون) ناوبانگی دەرکردووەو لەهەموو کاتێکدا دەبێ ئیشارەتی پێبدرێ.لەسەر دەسەڵات، ئەم دووبرایە جەنگێکی خوێناوییان لەنێوان موسوڵماناندا

خولْقاندو خوێنێکی زۆریان ڕشت، ئەنجامەکەشی بەکوشتنی ( ئەمین) کۆتایی پێهات و دەست وپێوەندەکەی مەئمون ، سەرەبڕاوەکەی براکەیان خستە بەردەستی.!!
خەلیفە هادی‌لەساڵی( 169ك/785ز) دەسەلاّتی گرتە دەست، دەڵێن دایکی زۆر ڕقی لێبووەو ویستوویەتی ( هارون)ی برای ببێتە خەلیفە، بۆیە خەلیفە هادی نەیدەهێشت دایکی دەسەلاّتی هەبێت و دەست بخاتە ناوکاروباری خەلافەتەوە، دەرەنجامی ئەمەش بەوە کۆتایی پێهات دایکی لەرێی جارییەکانییەوە پیلانی خنکاندنی داڕشت و خستیانە ناو فەرشێکەوەو خنکاندیان !!. تەماشا، لەسەر دەسەلاّت وپلەو پایەی دنیا، دایك کوڕی خۆی دەخنکێنێت، ئەمە چ ئیسلامەتی و ئیمانداریيەکی بەهەقە؟!.
یەکێکی تر لەخاڵە دزێوو نادروستەکانی سەردەمی خەلافەتی عەباسییەکان، سەرهەڵدان ودروستبوون و هاتنە کایەی چەندین گروپ ودەستەو تاقم و ئاشوبی نەیار بوو، ئامانجیان نەهێشتنی دەسەلاّتی ناڕەواو ستەمکاری عەباسی و دوورخستنەوەو لابردنی ئەو خەلیفە بەدخووانە بووە. لەسەردەمی زۆربەی، یان هەموو خەلیفەکاندا شۆڕش و بزووتنەوەی دژە ئاراستەبەرپابوون، لەنموونەی:
بزووتنەوەکانی ( **ڕاوەندییەکان، سنباذ، استاذ سیر، خورەمی، زەندەقی ، موقەنەعی، زط، مازیار، عەلەوییەکان،... هتد).**
سەرهەڵدانی نزیکەی ( یانزە) دەوڵەت لەبەری خۆرهەلاّتی دەوڵەتی عەباسی و ( پێنج) دەوڵەت لەباشورو( بیست و دوو) دەوڵەت و میرنشینی ئەتابەکی لەئێران و کوردستان و ئەنادۆڵ وشام و( سیانزە) دەوڵەت لەبەری خۆراوا، دەرەنجامی ئەو بارودۆخە نایەکسانییە بوون کەخەلیفەکانی عەباسی لەجیهانی ئیسلامیدا هێنایانە بوون و ئەوکارە دزێوانەی کەپەیڕەویان دەکرد لەسیستمی حوکمڕانێتیاندا.
لەلایەکی تریشەوە هەر سەبارەت بەو دیاردە نائیسلامیانەو ئەو گوناهە گەورانەی خەلیفەکانی عەباسی بەناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە پراکتیزەیان دەکرد، دەکرێ ئاماژە بەڕابواردن و کەنیزەك ڕاگرتن و کۆکردنەوەی پارەو دارایی و مەی خواردنەوەو کەیف و سەفاو ڕووکردنە خۆشییەکانی دنیاو پشتکردن لەدەسەلاّت و لەئیسلام و دوورکەوتنەوە لەبنەماکانی ئایینی ئیسلام بکرێت، کەلەڕۆژگاری خەلیفەکاندا باوبووەو وەکو خوونەریت پشتاوپشت لەم خەلیفە بۆ ئەوی کە گواستراوەتەوە.
خەلیفە ئەبوجەعفەری مەنسور هەموو ئارەزووی خواردنەوەو ڕابواردن بووە. خەلیفە ( هارون الرشید) نمونەی خەلیفەیەکی دنیاویست و مەیل بەڕابواردن و کات بەسەربردن و کەیف و سەفابووە، ئەم خەلیفەی موسوڵمانانە هەمیشە خەریکی مەی خواردنەوە بووە، کەنیزەکێکی زۆری ڕاگرتبوو، لەهەریەکێ لەدانیشتنەکانیدا سەد کەنیزەك( جاریە) بەیەکجار سەمایان بۆ دەکردو هەر جارییەیەکی بەسەد هەزار درهەم دەکڕی. گوێگرتن لەمۆسیقا و گۆرانی و خۆشکردنی بەزم و کۆڕی ڕابواردنی شەوانە، لەخەسڵەتە دزێوەکانی تری خەلیفە هارون بوون.
خەلیفە ( مەئمون) یش شەوانە بیست کەنیزەکی لای خۆی گل دەدایەوە، کەلە ولاّتی ڕۆمەوە بۆی دەهات یان بەپارەی دەوڵەتی ئیسلامی دەیکڕین!!. خەلیفە( المعتز بالله) یش ( سیانزەیەمین خەلیفە) هێندە خەلیفەیەکی چاوچنۆك و بەرژەوەند ویست بووە، کەبەردەوام لەبری خواپەرستی و پەیڕەوکردنی بنەماکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، لەتەقەللای خۆدەوڵەمەندکردن و پارەو سامان کۆکردنەوەدا بووە، بۆیە کاتێ بەدەستی تورکەکان کوژرا، لەپاش خۆی یەك ملیۆن و

هەشت سەد هەزار دینار و کۆمەڵێکی زۆر شتی گرانبەهای وەك( زمرد) و( لولو)ی قەبارە گەورەی لەپاش بەجێما. خەلیفە ( متوکل علی‌الله) دوای کوژرانی چوارملیۆن دینارو حەوت ملیۆن درهەمی لەپاش بەجێما، جگە لەچوار هەزار جارییەو کۆشك و تەرلارو جلوبەرگی زۆر!. هەروەها خەلیفە( مکتفی باللە) ش لەدوای مردنی سەد ملیۆن دیناری بەجێهێشت.

ئەم خۆشی ڕابواردن و کات بەسەربردن و پارەی زۆر کۆکردنەوەو کەنیزەك ڕاگرتن و کڕینە، هەمووی لەسەر خەزێنەی دەوڵەتی ئیسلامی بووەو بەو جۆرە ئەم خەلیفانەی بەناوی ئایینی ئیسلامەوە حوکمیان کردووە، بەرژەوەندییەکانی خۆیانیان لەپێشتر زانیوەو ئەوەی پەیوەندی بەئایین و بنەماکانی ئایین و دەسەڵات و حوکمی ئایین و ئیسلامەوە بووبێت، پشتگوێ خراوەو کاری پێنەکراوە.

دەکرێ لەکۆتاییدا بڵێین، عەباسییەکان لەسەردەمی دەسەڵاتیاندا ئەوەندەی پێیانکرا کەوتنە وێزەی گیانی گەلانی موسوڵمان و ناموسوڵمانی ژێردەسەڵاتیان و تەنها لەپێناو مەرامی خۆیان و مانەوەی دەسەڵاتیان ئەم ئایینە پیرۆزەیان بەکارهێناوە. ئەڵبەت هەر دەرەنجامی ئەو سیاسەتە ناڕەوایەیان بوو، کەچوونە ناخی زەویداو بەئاسانترین شێوە هێرشی هۆلاکۆو مەغۆل بەسەریاندا زاڵ بوو و کۆتایی بەدەسەڵاتەکەیان هێنا. من تەنها دەپرسم و دەڵێم: دەسەڵاتێك، حوکمێك ئەوە خەلیفەکانی بێت، ئەوە پەیڕەوی دەسەڵاتەکەی بێت، دەبێ چ پاساوێك و چ بیانوویەك بێت، کە ئێمە بەخەلیفەی موسوڵمان و بەدەسەڵاتی ئیسلامی و بەنەوەی پێغەمبەر بیانژمێرین ؟!

**تێبینی.. بۆئەم بابەتە، سوودم لە ژمارە( 2)ی گۆڤاری ڕوانگەوڕەخنە، و هەروەها موحازەرەکانی قۆناغی دوومی –بەشی مێژوو- زانکۆی سلێمانی لەوانەی مێژووی ئیسلامدا، وەرگرتووە.**

**<u>* دەرچووی بەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی</u>**